بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقـــايعی كـــوردستان

ڕۆژنامـەی ڕەسمیی حکـومەتی هەرێمی کوردسـتانە / وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمارە (٧٢) | ساڵی حەوتەم | ١٥ / ٨ /٢٠٠٧ زاینـی | (٢٤) خەرمانان ٢٧٠٧ کـوردی | (٢) شعبان ١٤٢٨ کـۆچی

72

لەم ژمـارەیـەدا :

✯ **یـاسـای ژمـارە﴿ ١٩﴾ ی سـاڵی ٢٠٠٧** ١

یاسای وەزارەتـی پێشمەرگە لـە هـەرێـمی کـوردستان ـ عێراق.

✯ **یاسای ژمارە﴿ ٢١﴾ ی ساڵی ٢٠٠٧** ٧

یـاسـای وەزارەتـی سامانە سروشتیەکان لـە هـەرێـمی کـوردستـان ـ عێراق .

✯ **فەرمانی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ﴿ ٩٥ ﴾** ١٢

پەسەند کردنی درووشمی سەرۆکایەتی هەرێمی کـوردستان ـ عێراق .

✯ **بەیانی وەزارەتی شارەوانی** ١٥

کردنەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی **شۆڕش لە ناحیەی شۆڕش** .

ناونیشان : هـەولێر باڵەخـانەی وەزارەتی داد.

☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:dad٤kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقـــائع كــوردستــان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـــدد ( ٧٢ ) السـنـة السابعة ١٥/٨/ ٢٠٠٧م ( ٢٤ ) حەرمانان ٢٧٠٧ ك ( ٢ ) شعبان ١٤٢٨ هـ

## فـي هـذا العــدد :

✡ **قـــانــون رقـــم ﴿ ١٩ ﴾ لسنة ٢٠٠٧** ١٦

قـــانــون وزارة البيشمەرگــه لاقــليم كــوردستان ـ العـراق .

✡ **قـــانــون رقـــم ( ١٥ ) لسـنـة ٢٠٠٧** ٢١

قـــانــون وزارة الثروات الطبيعية لاقــليم كــوردسـتان ـ العـراق .

http//:dad٤kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com

اربيل – بناية وزارة العدل.
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

به ناوی خوای به‌خشنده و میهره‌بان

هەرێمی کوردستانی عێـراق
سـەرۆکایەتی هەرێـم
سـەرۆك

به نـاوی گەلـەوە
بڕیـــار
ژمارە ( ٢٥ ) ساڵی ٢٠٠٧

## یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

بــە پێـی ئـــەو دەســـەڵاتەی لـــە بـــڕگـــەی (١)ی مـاددەی (١٠)ی (یاســـای ســـەرۆکایەتی هــەرێمی کوردستان – عێــراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هـەموارکراو پێمـان دراوەو، بـە پاڵپـشتی ئـەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویـەتی لـە دانیـشتنی ژمـارە (٣٠) لـە ٢٠٠٧/٧/٢ بریارمانـدا بە دەرکـردنی:

## یاسای ژمارە ( ١٩ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوەماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکـەم : هەرێـم** : هەرێمی کوردستان ـ عێراق .

**دووەم : وەزارەت** : وەزارەتی پێشمەرگە لە هەرێم.

**سێیەم : وەزیر** : وەزیـری پێشمەرگە.

**چوارەم : بریکاری وەزارەت** : بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە.

**پێنجەم : ئەمینداری گشتی** : ئەمینداری گشتی وەزارەت.

**شەشەم : سەرۆکی دەستەی ئەرکان** : سەرۆکی دەستەی ئەرکان لە وەزارەتی پێشمەرگە.

**حەوتەم : ئە نجـومـەن** : ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت.

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## ( ئەركەكانى وەزارەت )

**ماددەى دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەركانە دەگرێتە ئەستۆ:

**يەكەم** : پاراستن و زێرەڤانى هەرێمى كوردستان و بەرگريى كردن لێى و مسۆگەركردنى بەرژەوەندييە نيشتمانى و نەتەوەييەكانى.

**دووەم** : پاراستنى كيانى سياسى هەرێم و سيستەمى حوكمە ديموكراتييەكەى و پارێزگاريكردن لە دەزگا دەستوورييەكانى.

**سێيەم** : پاڵپشتى كردنى حكومەتى فيدراڵ لە بەرگرى كردن لە سەروەرى و ئاسايشى عێراق بە پێى دەستورى فيدراڵى و دەستوورى هەرێم و بيرخەرەوەى لە يەككەيشتنى ئەمنى و هەماهەنگى و هاوكارى كردن لەگەڵيدا لەسەر چۆنيەتى چارەسەركردنى قەيرانە ئەمنيەكان و كارەسات و بەشداريكردن لەكاتى پێويست لە جەنگ و بەرەنگار بوونەوەى تيرۆر بەهەموو جۆرەكانيەوە لە هەرێمى كوردستان بە تايبەتى و لە عيراقيشدا بەهەماهەنگى و هاريكارى كردن لەگەڵ حوكمەتى فيدراڵ دا.

**چوارەم**: دامەزراندنى پێكهاتەو يەكەى نيزامى سەربازى و مەشق پێكردنيان لەسەر هەموو هونەرێكى جەنگ وفێركردنى زانستييە سەربازى يە نوێيەكان ، تاكو شياو بن بۆ بەرگرى كردن لە هەرێمى كوردستان.

**پێنجەم**: دانانى پلانى پێويست بۆ پەرەپێدان و نوێكردنەوەى هێزەكانى پێشمەرگە، ئەمەش بە ئامادەكردنى هەموو جۆرەكانى و پۆلێنەكانى و شێوازى پێدانى هەموو كەل و پەلێكى هونەرى و پەرەپێدانى هونەرەكانى شەڕ و چۆنيەتى بەكارهێنانيان لە مەيدانى جەنگدا.

**شەشەم**: دابين كردنى هەموو ئەو كاروبارانەى پەيوەندييان بە نيشتەجێ كردن و چەكداركردن و تەموين و گواستنەوە و خۆراك و مووچە وكاروبارى دارايى و ژمێريارى وئاستى تەندروستى و جەستەيى وخزمەتگوزارى ديكە بۆ هێزەكان هەيە.

## پێكهاتەكانى وەزارەت

**ماددەى سێيەم** : وەزارەت لەم پێكهاتانەى خوارەوە پێكدى:

**يەكەم** : **وەزير** : بەرپرسى يەكەمە لە وەزارەت و بەرپرسە لە كارەكانى و ئاراستەكردنى سياسەتەكەى وسەرپەرشتى كردنى چالاكييەكانى ولەويشەوە فەرمان و رێنمايى دەردەچن لە هەموو ئەوشتانەى پەيوەنديان بە پێكهاتەكانى وەزارەت و هەموو كاروبارى سەربازى و هونەرى و دارايى و كارگێريى و رێكخستنەوە هەيە بە پێى حوكمەكانى ياسا و بەرپرسە لە بەردەم ئەنجومەنى وەزيران بەو ناوەى ئەندامێكى هاوكارە لێى و بۆى هەيە هەندێ لەدەستەڵاتەكانى بە فەرمانبەرە پلە تايبەتييەكان لە وەزارەتدا بدات، هەريەكەيان بەپێى پسپۆرى خۆى.

**دووەم** : **وەكيل وەزارەت** : يارمەتى وەزير دەدات لە سياسەت و شێوەى بەڕێوەبردنى وەزارەت و، لە چوارچێوەى ئەو دەستەڵاتانەى كە لە پەيڕەوى ناوخۆى وەزارەت بۆى دەسنيشان كراوە يان ئەوەى

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

لە لایەن وەزیرەوە پێی دەسپێردرێ سەرپەرشتی کاروبارەکانی دەکا.

**سێیەم: ئەمینداریتی گشتی:** ئەمیندارێکی گشتی (بە پلەی تایبەتی) بەڕێوەی دەبات و بەرپرسە لە بەردەم وەزیر و چەند یاریدەدەرێك بۆ راپەراندنی کاروباری کارگێڕی و جەنگاوەران و یاسایی وشارستانی یاریدەی دەدەن و ئەم بەڕێوەبەرایەتی ودەزگایانەی خوارەوەی پێوەدەلکێ:

١–بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان و کڕیاری و چەکدارکردن و کەلوپەل پێدان.

٢–بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و باری تاکەکان و خۆبەخشکەران.

٣– بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هۆشیاریی نیشتیمانی.

٤– بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و باری خانەنشینیی پێشمەرگە و چاودێری خاوەن پێویستیە تایبەتیەکان.

٥– بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجەو بەرنامەکان (ژمێریاری سەربازی).

٦–فەرمانگەی یاسایی.

٧– دادگا سەربازی یەکان.

**چوارەم: پشکێنەریەتی گشتی:** ئەفسەرێك سەرۆکایەتی دەکات بەمەرجێك پلەکەی لە (لیواء) کەمتر نەبێ و دەبێتە (پشکێنەری گشتی) و کارەکەیش پشکنین و بەدوا داچوونی دەزگا و پێکهاتەکان و یەکەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دەبێ بۆ وەستان لەسەر هەڵوێست و باری هێزەکانی پێشمەرگە و هەڵسەنگاندنی ئاستی ئامادەیی شەڕکردنی و پیادەکردنی ئەوفەرمان و ڕێنماییانەی کە لە وەزارەتەوە دەرچوون و ئەمەش بە بەرزکردنەوەی راپۆرتی دەوری و نادەوری دەبێت بۆ وەزیر بەمەبەستی چارەسەرکردن و پەرەپێدان.

**پێنجەم: فەرمانگەی چاودێری دارایی:** فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و کارەکەیشی ئەنجامدانی هەموو پێویستییەکە لە بارەی وردبینی و چاودێری کاروباری دارایی و بەدوا داچوون و پیادەکردنی ڕێنمایی وبنچینەی دارایی وژمێریارییە لە وەزارەت و پێکهاتەکان و چۆنیەتی گرتنی سەرپێچیە داراییەکانە.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی هەماهەنگی وپەیوەندیەکان:** کارەکەی دروستکردن و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ دەزگا و لایەنە شارستانی و سەربازییە فەرمیەکانی پەیوەندیدار بەکاروباری وەزارەت.

**حەوتەم: سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکەکان:** ئەفسەرێکی ڕوکن سەرۆکایەتی دەکات کە پلەکەی لە لیوا کەمتر نەبێ و سەرپەرشتی لایەنی پسپۆڕی سەربازی لە وەزارەت دەگرێتە ئەستۆ و لەو کار و بەرپرسیاریەتیەی کە پێی سپێردراوە دوو یاریدەدەر لە دەستەی ئەرکان (ئۆپراسیۆنەکان) و( کارگێریی و میرە) یارمەتی دەدەن و ئەم دەستەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتی و پێکهاتانەی خوارەوەی پێوەی بەند دەبن:

١) **یاریدەدەری سەرۆکی دەستەی ئەرکان بۆ ئۆپراسیۆنەکان:**

أ– بەڕێوەبەرایەتی ئۆپراسیۆنەکان.

ب–بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و پەرەپێدان ونوێکردنەوە.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ج– بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی و باوەڕیی.

د– بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن.

هـ– بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخستن.

و– بەڕێوەبەرایەتی پۆلەکان.

ز– بەڕێوەبەرایەتی یاری یە سەربازی یەکان.

٢ ) **یاریدەدەری سەرۆکی دەستەی ئەرکان بو کارگێریی ومیرە:**

أ– بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێریی.

ب– بەڕێوەبەرایەتی گشتی میرە.

ج– بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری پزیشکی.

د– بەڕێوەبەرایەتی عینە و عەمبارە مەڵبەندییەکان.

هـ– بەڕێوەبەرایەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردنی سەربازیی.

و– بەڕێوەبەرایەتی چاپخانە سەربازییەکان.

ز– فەرماندەیی شوێنەکان(مواقع).

**هەشتەم: پێکهاتەکانی نیزامی زێرەڤانی هەرێم:** بە پێڕە و ڕێك دەخرێن.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەوالگری:** کـارو ئەرکەکـەی دابـین کردنـی ئاسایـشی بارەگـە و پێکهاتـەکان و کۆکردنەوەی زانیارییەکانی هەوالگری مەیدانی وستراتیژی و هەڵسەنگاندنیان و دا نانیان لە خزمـەتی وەزارەتی پیشمەرگە و پێکهاتەکانی و بارەگا باڵاکانی پەیوەندیدارە.

**دەیەم: سەرکردایەتی هێزەکانی یەدەگ:** کاروبارەکەی بە پێڕەو ڕێك دەخرێ.

**یازدەم:** ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت لەمانە پێکدێ:

١– وەزیـر: سەرۆکە.

٢– بریکاری وەزارەت: ئەندامە و لەکاتی ئامادە نەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

٣– ئەمینداری گشتی: ئەندامە.

٤– سەرۆکی دەستەی ئەرکان: ئەندامە.

٥– بەڕێوەبەری هەوالگری گشتی: ئەندامە.

٦– پشکێنەری گشتی: ئەندامە.

٧– فەرماندەی هێزی یەدەگ: ئەندامە.

٨– وەزیر بۆی هەیە پشت بە راوێژکار و شارەزایان لەکاتی پێویستدا ببەستێ.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم:**

سەرۆکایەتی دەستەی ئەرکان پلانی جێبەجێ کردن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانج و ئەرکانە دادەنێ کە لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

**ماددەی پێنجەم :**

وەزارەت بۆی هەیە هەیکەلی ڕێکخستنی وەزارەت بەجۆرێکی وا دابنێ کە ئامانجەکانی لە بەڕێوەبردنی پێشمەرگە بێنێتەدی لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی پاراستن و زیرەڤانی هەرێم و بەرگری کردن لێی و دەستنیشان کردنی ئەرك و تایبەتمەندییەکانیی و دەستەڵات و ئەرکەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەبێ بەمەرجێك لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربچێ.

**ماددەی شەشەم:**

پێدانی پلەی سەربازی بە پێی یاسا پەیڕەو کراوەکان دەبێت

**ماددەی حەوتەم:**

**یەکەم** : وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یا بەشێك یا هۆبەیەك لەناو پێکهاتەکانی وەزارەت لە نوێ دابنێ یان لێکیان بدات یا خود هەڵیان وەشێنێتەوە بە پێی پێویستی کارەکەی.

**دووەم**: وەزارەت بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**

یاسای پێشمەرگەی ژمارە(٥)ی ساڵی ١٩٩٢ هەڵدەوەشێتەوە و ئەم یاسایە جێی دەگرێتەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ و هەموارکراوەکانی ناکۆك بێت.

**ماددەی دەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

هەولێر
٢١ / پوشپەڕ / ٢٧٠٧ کوردی
١٢ / تموز / ٢٠٠٧ زاینی
٢٧ / جمادی الثاني / ١٤٢٨ کۆچی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

## هۆیەکانی دەرکردنی

لەبەر پێویستی هەرێم بۆ هێزێکی نیزامی بۆ پاراستنی هەرێم و بەرگری کردن لێی ودابین کردنی بەرژەوەندیی نیشتیمانی و نەتەوەیی و پاڵپشتی و بەشداری کردن لە هێزە چەکدارەکانی عێراقی فیدراڵ لە کاتی پێویستدا، ئەم یاسایە دەرکرا.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

# بڕیار

**ژمارە ( ٢٧ ) ساڵی ٢٠٠٧**

## یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی
## هەرێمی کوردستان ـ عێراق

به پێی ئەو دەسەڵاتەی له بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان — عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو پێمان دراوە و، بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان — عێراق كردویەتی له دانیشتنی ژمارە (١) نائاسایی له ٢٣ / ٧ / ٢٠٠٧ بڕیارماندا به دەركردنی:

## یاسای ژمارە( ٢١ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، ماناكانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەكەم** : هەرێم : هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

**دووەم** : پەرلەمان : پەرلەمانی هەرێم.

**سێیەم** : ئەنجومەنی وەزیران : ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**چوارەم** : وەزارەت : وەزارەتی سامانە سروشتییەكان له هەرێم.

**پێنجەم** : وەزیر : وەزیری سامانە سروشتییەكان له هەرێم.

**شەشەم** : بریكار : بریكاری وەزارەتی سامانە سروشتییەكان له هەرێم.

## بەشی دووەم
## ئامانجەکانی وەزارەت

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەركانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەكەم**: بەڕێوەبردنی هەموو كەرتەكانی تایبەت بە سامانە سروشتییەكان لـە هەرێمـدا كـە نـەوت و گـاز و كانزاكان دەگرێتەوە.

**دووەم**: بەڕێوەبردن و ئامادە كردنی پلان بۆ كەرتی نەوت و گاز و هاندانی وەبەرهێنان لەم كەرتەدا لە

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــوردستان
www.mojkurdistan.com

هەرێم لەگەڵ پلاندانان و بەدواداچوونی قۆناغەکانی مۆڵەت و گرێبەستە گرێدراوەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت بە جۆرێکی وا کە لەگەڵ دەستووری عیراقی فیدراڵ و یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستاندا بگونجێ.

**سێیەم:** سەرپەرشتی پرۆسەی دۆزینەوە و هەڵکەندن و دەرهێنانی نەوت و گاز و کارەکانی پاڵاوتن و پیشەسازی گاز لە پاڵ گواستنەوە و ناردنە بازاڕی نەوتی خاو و بەرهەمەکانی و بنیاتنانی پرۆژەکانی نەوت دەکات.

**چوارەم:** ڕووپێوکردنی جیۆلۆجی و گەڕان بە دوای کانزاو هەموو کارێکی تایبەت بە چالاکییە جیۆلۆجییەکان.

**پێنجەم:** گرتنە ئەستۆی ئەرکی ئامادە کردن و هەماهەنگی کردن و یەکخستنی پلانی بەرایی بۆ هەموو ڕووەکانی چالاکی وەبەرهێنانی نەوت و گاز و کانزاکان لە مەڵبەندی وەزارەت، بەمەرجێك کۆمپانیاکانی بەکارهێنان و ئەو فەرمانگانەی سەر بە وەزارەتن، ئەوە بە سەرپەرشتی وەزارەت جێبەجێ بکەن، لەگەڵ ڕەچاو کردنی یاسای نەوت لە هەرێمی کوردستان و یاسا کارپێکراوەکان.

## بەشی سێیەم
## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێکدێ:

**یەکەم: وەزیر** : سەرۆکی باڵا و بەرپرسی ئیش و کار و ئاراستە کردنی سیاسەت و سەرپەرشتی و چاودێری دەکات و هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکیش پەیوەندییان بە ئەرکو فەرمان و پێکهاتە و دەسەڵات و کاروباری دیکەی هونەری و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنی وەزارەتەوە هەیە، بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە وەزیرەوە دەردەچن و بەسەرپەرشتی خۆی جێبەجێ دەکرێن، بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیرانیش بەرپرسە بەو پێیەی ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا و، بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتییەکان یان هەر کەسێك لەو وەزارەتدا بەشیاوی بزانێت، بدات.

**دووەم: بریکاری وەزارەت:** یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستە کردنی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی لە چوار چێوەی ئەو دەستەڵاتانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێ، بە مەرجێك خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت.

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر** : فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر کە بەلانی کەم بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێ و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**چوارەم: نووسینگەی بریكاری وەزارەت:** فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر كە بەلانی كەم بڕوانامـەی بـەرایی زانكـۆی هـەبێت و خـاوەن شـارەزایی و پـسپۆڕی بـێ و چـەند فەرمانبـەرێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: راوێژكاران:** ژمارەیان لە چوار راوێژكار زیاتر نابێ و دەبێ بەلانی كەم بڕوانامەی بەرایی زانكۆیان هەبێ و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بن.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشكنین و سانسۆری ناوخۆ:** بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بەلانی كەم بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و لە بواری یاسا یان بەڕێوەبردن یـاخود دارایـی شارەزا و پسپۆر بێت.

**حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری كارگێڕیی و دارایی:** بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بەلانی كەم بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هـەبێت و لـە بـواری یاسـا و بـەرێوەبردن دا شـارەزا و پسپۆر بێت.

**هەشـــتەم: بەرێوەبەرایـــەتی گـــشتی كاروبـــاری هونـــەری:** بەڕێوەبـــەرێكی گـــشتی ســـەرۆكایەتی دەكـــات كـــە بـــەلانی كـــەم بڕوانامـــەی بـــەرایی زانكـــۆی هـــەبێت و لـــە بـــواری پیشەسازیی نەوتدا شارەزا و پسپۆر بێت.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری ئـابووری و گرێبەسـتەكان:** بەڕێوەبـەرێكی گـشتی سـەرۆكایەتی دەكات كە بەلانی كەم بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی بێت.

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری وەبەرهێنانی كانزایی:** بەڕێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بەلانی كەم بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و لە جیۆلۆجیادا شارەزا و پسپۆر بێت.

**ماددەی چوارەم:**

ئەنجومەنی وەزارەت بەم شێوەیەی خوارەوە پێكدێ:

**یەكەم:** وەزیر : سەرۆكە.

**دووەم:** بریكاری وەزارەت : ئەندامە و لە كاتی نەهاتنی وەزیر سەرۆكایەتی دانیشتنەكان دەكات.

**سێیەم:** بەڕێوەبەرە گشتیەكان و ژمارەیەك لە راوێژكاران .

**چوارەم:** هەر شارەزا یا پسپۆڕێك لەناو وەزارەت یا دەرەوەی لە كاتی پێویستدا/ ئەندامە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەكەم:** كارو تایبەتمەندییەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پیڕەو دەسنیشان دەكرێن.

**دووەم:** وەزیـــر بـــۆی هەیـــە هـــەر بەڕێوەبەرایەتیـــەك یـــا بەشـــێك یـــا هۆبەیـــەك لـــەكاتی پێویـــستدا لـــە نـــوێ دابمـــەزرینێ یـــان هـــەڵیانی بوەشـــێنێتەوە یـــان لێكیـــان بكاتـــەوە یان لێكیان بدات.

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان

**سێیەم:** وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ كەسایەتی سروشتی و مەعنـەوی خـاوەن شـارەزایی و پـسپۆڕیی لـەناوەوەی هـەرێم و دەرەوەیـدا ببەسـتێ بـۆ جێبـەجێ كردنـی ئـەو كارانـەی

www.mojkurdistan.com

پیـان دەسـپێردرێ و بـۆ ئـەو ماوەیـەی کـە بـە گونجـاوی دەزانـی، ئەمـەش دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەبێ.

**چـوارەم:** وەزیـر بـۆی هەیـە رێنمـایی پێویـست بـۆ ئاسـانکاریی جێبـەجێ کردنـی حوکمـەکانی ئـەم یاسایە دەربچوێنی.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** دەستەی گشتی نەوت و پتروکیمیاییـەکان لـە هەرێمـدا کـە بـە یاسـای ژمـارە(٣٨)ی سـاڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە هەڵدەوەشێتەوە و هەموو پێکهاتە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی بـە وەزارەت دەبەسـترێنەوە و هەموو میلاك و موڵك وماڵ و ماف و ئیلتیزامێکیان بۆ وەزارەت دەگەڕێنەوە.

**دووەم:** دەزگای گشتی بەڕێوەبردنی پڕۆژە تایبەتیەکان لـە هـەرێم کـە بـە پێـی نووسـراوی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران(ئیـدارەی سـلێمانی) ژمـارە (١٨٠٣)ی رۆژی ٢٠٠١/٨/٧ دامـەزراوە هەڵدەوەشێتەوە هەموو پێکهاتە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی بە وەزارەت دەلکێن و هـەموو مـیلاك و موڵك و ماڵ و ماف و ئیلتیزامەکانی دەدرێنە وەزارەت.

**سـێیەم:** بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی ڕووپێـوکردنی جیۆلـۆجی و پێکهاتـەکانی لـە وەزارەتـی پیـشەسازی هـەرێم دادەبـڕێن و بـە وەزارەت دەبەسـترێنەوە و هـەموو مـیلاك و موڵـك و مـاف ئیلتیزامێکیان بۆ دەگەڕێتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فـەرمی(وەقـائیعی کوردسـتان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

**هەولێر**
٧/ خەرمانان/٢٧٠٧ کوردی
٢٩ / تەمووز /٢٠٠٧ زاینی
١٥/ رەجەب/١٤٢٨ کۆچی

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## هۆیە پێویستەكانی دەرچوواندنی

لەبــەر ئــەوەی حكومــەتی هــەرێم لــە نــویێ وەزارەتــی ســامانە سروشــتیەكانی بــە پێــی یاســایەك كــە لــە پەرلــەمان دەرچــووە دانــاوە، تــا بەرپرســیەتی بــەڕێوەبردنی ئــەو ســامانانە بگرێتــە ئەســتۆ و، لــە پێنــاوی بــەدیهێنانی ئامانجــەكانی لــە رێگــەی چــالاكی و كردەوەكــانی كۆمپانیــا و فەرمانگــەكانی ســەر بــە وەزارەت و رۆیــشتن لەگــەڵ پەرەســەندنە هاوچەرخەكاندا، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان
## سەرۆك

# فەرمانى هەرێمى
# ژمارە ﴿ ٩٥ ﴾ سـاڵى ٢٠٠٧

پاڵپـشت بـە ياسـاى سـەرۆكايەتى هـەرێمى كوردسـتان–عێـراق ، ژمـارە (١)ى سـاڵى ٢٠٠٥ بڕيارمانـدا بـە پەسـەندكردنى درووشمـى سـەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان بەم شێوەى خوارەوە:–

**ماددەى يەكەم:**

درووشمـى سـەرۆكايەتى هـەرێمى كوردسـتان نيـشانە و هێمـاى فـەرمى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستانە.

**ماددەى دووەم:**

درووشمـى سـەرۆكايەتى هـەرێمى كوردسـتان ، بريتييـە لـە هەڵۆيـەكى باڵبڵاوى زێڕين لەناو بازنەيەك ڕووەكەى ئاڵاى كوردستانە .

**ماددەى سىٚ يەم:**

گرافيـك ونـەخش و ڕەنگـەكانى دروشمەكـە،وەك لـە وێنـەى هـاوپێچ دا هاتوون ، بەشێكى جيانەكراوەى ئەم فەرمانەن.

**ماددەى چوارەم:**

١– درووشمى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان تەنها لەسەر بڕيار و فەرمان و ڕێنمايى و هەر نووسراو و بلاَوكراوە و تۆمارێكى فەرمى ترى سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان بەكاردەهێنرێت.

٢– درووشمـى سـەرۆكايەتى هـەرێمى كوردسـتان بەشـێوەى تـابلۆ لـەكاتى ئـەو بۆنـەو كۆبوونـەوە و كۆنفراسـە فەرميانـە هەڵدەواسـرىٚ كـە لەلايـەن سـەرۆكايەتى هەرێمـەوە بەڕێوەدەچن و سەرۆكى هەرێم تيايان‌دا ئامادە دەبێت.

٣–درووشمـى سـەرۆكايەتى هـەرێمى كوردسـتان،بـەبىٚ پێـشينە ڕەزامەنـدى سـەرۆكايەتى هـەرێمى كوردسـتان ، نابێـت لەلايـەن هـيچ كـەس و لايـەن و كۆمپانيايەكـەوە درووسـت بكرێـت يـان هەڵواسـرێت يـان بـۆ مەبەسـتى بازرگـانى چاپ و بلاَوبكرێتەوە يان بەكاربهێنرێت بۆهەر مەبەستێكى تر.

ئـەرشيفى ڕۆژنامەى وەقايعى كـوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی پێنجەم :**

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم لیژنەیەکی تایبەت مەندی پسپۆڕ پێکدەهێنێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فەرمانە لەرووی هونەریەوەو سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی ماددەو بڕگەکانی دەکات.

**ماددەی شەشەم :**

ئەم فەرمانە لە ڕۆژی دەرچوونی یەوە جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**هەولێر**

**٢٤ی تەمووزی ٢٠٠٧**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ئـەم وێنەیە بە شێـكە لە فـەرمــانـی هـەرێـمی**

**ژمارە ﴿ ٩٥ ﴾ سـاڵی ٢٠٠٧**

ئـەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی شارەوانی**

**بەڕێوەبەرایەتی کار و باری یاسایی**

**ژمارە : ٩٨١٩**

**رێکەوت : ٣١ / ٧ / ٢٠٠٧**

# بەیان

لەبەرکۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی ئەو ئاگادارییەی کە لە رۆژنامەی ( کوردستانی نویێ )بڵاو کرابووەوە لە ژمارە ( ٤٢٨١) لە ٢٠٠٧/٥/٣٠ وە لەبەر نەبوونی هیچ سکاڵایەك یان رەخنەیەك لە هیچ لایەنێك لە ماوەی یاسایی کە ( ٣٠ ) سی رۆژە دوای بلاکردنەوەی ئاگاداری سەرەوە بەپێ ی ماددەی (٦) شەشەم لە یاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ساڵی ١٩٩٣ ی هەموار کراو ،بەپێی ئەم دەسەلاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی ( ٧ ) حەوتەم لە یاسای سەرەوە بڕیارماندا بە:-

١- کردنەوەی « **شارەوانی شۆڕش** » لە « **ناحیەی شۆڕش** » کە سەر بە پارێزگای سلێمانی یە و بە پلەی چوارەم.

٢- ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی ( **وەقایعی کوردستان** ) .

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیری شارەوانی**
**٢٠٠٧ / ٧ / ٣١**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم اللـه الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الأقليم**
**الرئيس**

## باسم الشعب
## قـرار
## رقـم ( ٢٥ ) لسـنة ٢٠٠٧

## قانون وزارة البيشمرگه لاقليم كوردستان ـ العراق

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في جلسته المرقمة (٣٠) في ٢/٧/٢٠٠٧ قررنا إصدار :

## قانون رقم ( ١٩ ) لسنة ٢٠٠٧
## قانون وزارة البيشمرگه لاقليم كوردستان ـ العراق

**المادة الاولى:**

يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

**أولاً: الاقليم** : إقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً: الوزارة** : وزارة البيشمرگه في الاقليم.

**ثالثاً: الوزير** : وزير البيشمرگه.

**رابعاً: وكيل الوزارة:** وكيل وزارة البيشمرگه.

**خامساً: الأمين العام** : أمين عام الوزارة.

**سادساً: رئيس هيئة الاركان:** رئيس هيئة أركان وزارة البيشمرگه.

**سابعاً: المجلس** : مجلس دفاع الوزارة.

### ( مهـام الـوزارة )

**المادة الثانية:**

تتولى الوزارة المهام التالية:

**أولاً**– حماية وحراسة اقليم كوردستان والدفاع عنه وضمان مصالحه الوطنية والقومية.

**ثانياً**– حماية الكيان السياسي للاقليم ونظام حكمه الديمقراطي والذود عن مؤسساته الدستورية.

**ثالثاً**– مساندة الحكومة الاتحادية في الدفاع عن سيادة وأمن العراق طبقاً للدستور الاتحادي ودستور الاقليم ومذكرة التفاهم الأمنية والتنسيق والتعاون معها على كيفية معالجة الازمات الامنية والكوارث

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

والمشاركة عند الحاجة في محاربة ومكافحة الارهاب بجميع أشكاله في اقليم كوردستان خاصة وفي العراق بالتنسيق والتعاون مع الحكومة الاتحادية.

**رابعاً**- تأسيس تشكيلات ووحدات نظامية عسكرية وتدريبهم على كافة فنون القتال وتعليمهم العلوم العسكرية الحديثة ليكونوا مؤهلين للدفاع عن إقليم كوردستان.

**خامساً**- وضع الخطط اللازمة لتطوير وتحديث قوات البيشمركه وذلك بتهيئة جميع أنواعها وصنوفها واسلوب تجهيزها الفني وتطوير فنونها القتالية وكيفية إستخدامها في القتال ميدانياً.

**سادساً**- تأمين جميع الامور المتعلقة بالاسكان والتجهيز والتسليح والتموين والنقل والارزاق والرواتب والامور المالية والحسابية والمستوى الصحي والبدني والخدمية الاخرى للقوات.

**(تشكيلات الوزارة)**

**المادة الثالثة:**

تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:-

**أولاً: الوزير:** هو المسؤول الأول في الوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والإشراف على فعالياتها وتصدر عنه الاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وكافة شؤونها العسكرية والفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق أحكام القانون ويكون مسؤولاً أمام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله حق تخويل بعض من صلاحياته إلى موظفي الدرجات الخاصة في الوزارة كل حسب إختصاصه.

**ثانياً: وكيل الوزارة:** يساعد الوزير في سياسة ونهج الوزارة ويشرف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تحدد في النظام الداخلي للوزارة أو التي توكل إليه من قبل الوزير.

**ثالثاً: الامانة العامة:** يديرها امين عام (بدرجة خاصة) ويكون مسؤولاً أمام الوزير و يعاونه عدد من المساعدين للشؤون الإدارية والمحاربين والقانونية والمدنية وترتبط به المديريات والمؤسسات التالية:

١- المديرية العامة للعقود والمبايعات والتسليح والتجهيز.

٢- المديرية العامة لشؤون الافراد والمتطوعين.

٣- المديرية العامة للاعلام والثقافة والتوعية الوطنية.

٤- المديرية العامة لشؤون متقاعدي البيشمركه ورعاية ذوي الاحتياجات الخاصة.

٥- المديرية العامة للموازنة والبرامج(الحسابات العسكرية).

٦- الدائرة القانونية.

٧- المحاكم العسكرية.

**رابعاً: المفتشية العامة:** يرأسها ضابط لا تقل رتبته عن لواء يكون (المفتش العام) ومهمته تفتيش ومتابعة المؤسسات و التشكيلات و الوحدات التابعة لوزارة البيشمركه للوقوف على موقف و حالة

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

قوات البيشمركه وتقييم مدى استعدادها القتالي وتطبيقها للأوامر والتعليمات الصادرة من الوزارة وذلك برفع تقارير دورية وغير دورية الى الوزير بهدف المعالجة والتطوير.

**خامساً: دائرة الرقابة المالية:** يرأسها موظف بدرجة مدير عام مهمته القيام بكل ما يلزم من تدقيق و مراقبة الأمور المالية ومتابعة تطبيق التعليمات والأسس المالية والحسابية في الوزارة والتشكيلات و كيفية رصد المخالفات المالية.

**سادساً: مديرية التنسيق والعلاقات:** مهمتها إقامة وتنظيم العلاقات مع المؤسسات والجهات المدنية و العسكرية الرسمية ذات العلاقة بشؤون الوزارة.

**سابعاً: رئاسة هيئة الاركان:** يرأسها ضابط ركن لا تقل رتبته عن لواء ويتولى الاشراف على الجانب الاختصاصي العسكري من الوزارة و يساعده في مهامه ومسؤولياته الموكلة اليه معاونان في هيئة الاركان (العمليات) و(الادارة والميرة) و ترتبط بها الهيئات و المديريات العامة و التشكيلات التالية:

١) **معاون رئيس هيئة الاركان للعمليات:**

أ- مديرية العمليات.

ب- مديرية التخطيط والتطوير و التحديث.

ج- مديرية التدريب العسكري و العقيدة.

د- مديرية الاتصالات.

هـ- مديرية التنظيم.

و- مديرية الصنوف.

ز- مديرية الالعاب العسكرية.

٢) **معاون رئيس هيئة الاركان للادارة والميرة:**

أ- مديرية الادارة العامة.

ب- مديرية الميرة العامة.

ج- مديرية الامور الطبية العامة.

د- مديرية العينة والمستودعات المركزية.

هـ- مديرية الاشغال والاسكان العسكرية.

و- مديرية المطابع العسكرية.

ز- آمرية المواقع.

**ثامناً: التشكيلات النظامية لحرس الاقليم:** تنظم بنظام.

**تاسعاً: المديرية العامة للاستخبارات:** مهمتها تأمين أمن المقرات و التشكيلات وجمع المعلومات الاستخبارية الميدانية والستراتيجية و تقييمها و وضعها في خدمة وزارة البيشمركه وتشكيلاتها و المقرات العليا ذات العلاقة.

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

**عاشراً: قيادة قوات الاحتياط:** تنظم أمورها و شؤونها بنظام.

**حادي عشر: مجلس دفاع الوزارة** ويتألف من :ـ

١– الوزير / رئيساً.

٢– وكيل الوزارة / عضو و يرأس المجلس في حالة غياب الوزير.

٣– الامين العام / عضواً.

٤– رئيس هيئة الاركان / عضواً.

٥– مدير الاستخبارات العامة / عضواً.

٦– المفتش العام / عضواً.

٧– قائد قوات الاحتياط /عضواً.

٨– يحق للوزير الاستعانة بمستشارين و خبراء عند الحاجة.

**المادة الرابعة:**

تقوم رئاسة هيئة الاركان بوضع الخطط التنفيذية لتحقيق الاهداف و المهام الواردة في المادة الثانية من هذا القانون.

**المادة الخامسة:**

للوزارة اعداد الهيكل التنظيمي لوزارة بما يحقق اهدافها في ادارة البيشمرگه لتنفيذ مهام حماية و حراسة الاقليم و الدفاع عنه و تحديد مهام و اختصاصات و صلاحيات و واجبات تشكيلات الوزارة بنظام على ان يصدر من مجلس الوزراء.

**المادة السادسة:**

يكون منح الرتب العسكرية وفقاً للقوانين المرعية.

**المادة السابعة:**

**أولاً:** عند الحاجة للوزير حق استحداث أو دمج أو الغاء أي من المديريات أو الاقسام أو الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.

**ثانياً:** للوزارة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

يلغى قانون البيشمرگه رقم(٥) لسنة ١٩٩٢ ويحل محله هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون وقانون رئاسة الاقليم رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ و تعديلاته.

www.mojkurdistan.com

**المادة العاشرة:**

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

**هەولێر**
**٢١ / پوشپەڕ / ٢٧٠٧ كوردية**
**١٢ / تموز / ٢٠٠٧ ميلادية**
**٢٧ / جمادى الثاني / ١٤٢٨ هجرية**

**الاسباب الموجبة**

نظراً لحاجة الاقليم الى قوات نظامية لحراسة الاقليم و الدفاع عنه وضمان مصالحه الوطنية والقومية ومساندة و مشاركة القوات المسلحة لحكومة العراق الاتحادية عند الحاجة فقد شرع هذا القانون.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة إلاقليم
الرئيس

باسم الشعب
قرار
رقم ( ٢٧ ) لسنة ٢٠٠٧

## قانون وزارة الثروات الطبيعية لاقليم كوردستان ـ العراق

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في جلسته المرقمة ( ١ )الاستثنائية في ٢٣ / ٧ / ٢٠٠٧ قررنا إصدار:

## قانون رقم( ٢١ )لسنة ٢٠٠٧
## قانون وزارة الثروات الطبيعية لاقليم كوردستان ـ العراق

### الفصل الأول
### التعاريف

**المادة الأولى**:

يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون:

**أولاً**: الاقليم : اقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً**: البرلمان : برلمان الاقليم.

**ثالثاً**: مجلس الوزراء : مجلس وزراء الاقليم.

**رابعاً**: الوزارة : وزارة الثروات الطبيعية في الاقليم.

**خامساً**: الوزير : وزير الثروات الطبيعية في الاقليم.

**سادساً**: الوكيل: وكيل وزارة الثروات الطبيعية في الاقليم.

### الفصل الثاني
### ( مهام الوزارة )

**المادة الثانية**:

ئـەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـوردستان

تتولى الوزارة مايلي:

**أولاً**: إدارة جميع القطاعات الخاصة بالثروات الطبيعية في الاقليم و تشمل النفط و الغاز و المعادن.

www.mojkurdistan.com

**ثانياً**: إدارة و إعداد خطط لقطاع النفط و الغاز و تشجيع الاستثمار لهذا القطاع في الاقليم اضافة الى تخطيط و متابعة مراحل الاجازات و العقود المبرمة مع الشركات النفطية بما ينسجم مع دستور العراق الاتحادي وقانون النفط لاقليم كوردستان.

**ثالثاً**: الاشراف على عمليات استكشاف و حفر و استخراج النفط و الغاز و عمليات التصفية و صناعة الغاز ، بالاضافة الى نقل و تسويق النفط الخام و منتجاتها و تشييد المشاريع النفطية .

**رابعاً**: القيام بالمسوحات الجيولوجية و التحريات المعدنية و كل الاعمال الخاصة بالنشاطات الجيولوجية.

**خامساً**: مهمة إعداد و تنسيق و توحيد الخطة الأولية لمختلف أوجه نشاط استثمار النفط و الغاز و المعادن في مركز الوزارة ، على ان تقوم الشركات التشغيلية و الدوائر المرتبطة بالوزارة بتنفيذ ذلك و باشراف من الوزارة آخذة بنظر الاعتبار قانون النفط لاقليم كوردستان و القوانين النافذة.

## الفصل الثالث
## ( تشكيلات الوزارة )

**المادة الثالثة**:

تتكون الوزارة من التشكيلات الاتية:

**أولاً**: الوزير: هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها وممارسة الاشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها و سائر شؤونها الفنية والمالية و الادارية و التنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه و له أن يخول بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة و المدراء العامين أو الى من يراه مناسباً في الوزارة.

**ثانياً**: وكيل الوزارة: يعاون الوزير في توجيه الوزارة و الاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي تعهد اليه من قبل الوزير على ان يكون من ذوي الخبرة و الاختصاص.

**ثالثاً**: مكتب الوزير: يديره موظف بدرجة مدير على ان يكون حائزاً على شهادة جامعية أولية على الاقل و من ذوي الخبرة و الاختصاص و يعاونه عدد من الموظفين.

**رابعاً**: مكتب وكيل الوزارة: يديره موظف بدرجة مدير على ان يكون حائزاً على شهادة جامعية أولية على الاقل و من ذوي الخبرة و الاختصاص و يعاونه عدد من الموظفين.

**خامساً**: المستشارون: لا يزيد عددهم عن اربعة على ان يكونوا حائزين على شهادة جامعية أولية على الأقل ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

**سادساً**: المديرية العامة للتفتيش و الرقابة الداخلية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل و من ذوي الخبرة و الاختصاص في مجال القانون أو الإدارة أو المالية.

**سابعاً**: المديرية العامة للشؤون الادارية و المالية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل و من ذوي الخبرة و الاختصاص في مجال القانون أو الإدارة.

ئەرشیفی وەزارەتی هەرێمی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ثامناً**: المديرية العامة للشؤون الفنية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل و من ذوي الخبرة و الاختصاص في مجال الصناعة النفطية.

**تاسعاً**: المديرية العامة للشؤون الاقتصادية و العقود: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

**عاشراً**: المديرية العامة للأستثمار المعدني: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل و من ذوي الخبرة والاختصاص في الجيولوجيا.

## المادة الرابعة:

يشكل في الوزارة مجلس وزاري على النحو التالي:

**أولاً**: الوزير / رئيساً.

**ثانياً**: وكيل الوزارة / عضو ويرأس الجلسات عند غياب الوزير.

**ثالثاً**: المدراء العامين وعدد من المستشارين.

**رابعاً**: أي خبير أو اختصاصي داخل الوزارة أو خارجها عند الحاجة / عضواً.

## المادة الخامسة:

**أولاً**: تحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

**ثانياً**: للوزير استحداث أو الغاء أو فك ارتباط أو دمج أية مديرية أو قسم أو شعبة عند الاقتضاء.

**ثالثاً**: للوزير التعاقد مع الاشخاص الطبيعية و المعنوية من ذوي الخبرة والاختصاص داخل الاقليم وخارجه للقيام بالمهام التي توكل اليهم وللمدة التي يراها مناسبة بعد استحصال موافقة رئاسة مجلس الوزراء.

**رابعاً**: للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

## المادة السادسة:

**أولاً**: تحل الهيئة العامة للنفط والغاز والبتروكيمياويات في الاقليم المؤسسة بالقانون رقم (٣٨) لسنة ٢٠٠٤ و ترتبط كافة التشكيلات و المديريات التابعة لها بالوزارة و تؤول جميع ملاكاتها و ممتلكاتها و حقوقها و التزاماتها اليها.

**ثانياً**: تحل المؤسسة العامة لإدارة المشاريع الخاصة في الاقليم المؤسسة بموجب كتاب رئاسة مجلس الوزراء (إدارة السليمانية) المرقم (١٨٠٣) والمؤرخ في ٢٠٠١/٨/٧ و ترتبط كافة التشكيلات والمديريات التابعة لها بالوزارة و تؤول جميع ملاكاتها و ممتلكاتها و حقوقها و التزاماتها اليها.

**ثالثاً**: يفك ارتباط المديرية العامة للمسح الجيولوجي و تشكيلاتها من وزارة الصناعة في الاقليم و ترتبط بالوزارة و تؤول جميع ملاكاتها و ممتلكاتها و حقوقها و التزاماتها اليها.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة السابعة:**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

ينفـذ هـذا القـانون إعتبـاراً مـن تـاريخ إصـداره و ينـشر في الجريـدة الرسميـة (وقـائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان- العراق**

**هەولێر**
**٧/ خەرمانان / ٢٧٠٧ كوردية**
**٢٩/ تموز /٢٠٠٧ ميلادية**
**١٥/ رجب /١٤٢٨ هجرية**

**الاسباب الموجبة**

نظـراً لقيـام حكومـة الاقلـيم باسـتحداث وزارة الثـروات الطبيعيـة بموجـب قـانون صـادر مـن البرلمـان، و الـتي تقـع علـى عاتقهـا مـسؤولية إدارة تلـك الثـروات، و بغيـة تحقيـق الاهـداف المرجـوة مـن خـلال نـشاطات و فعاليـات الـشركات و الـدوائر التابعـة للـوزارة و مواكبة التطورات العصرية فقد شرع هذا القانون.

ئـەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـوردستان
www.mojkurdistan.com